


# به تۆ وه دەژین ...
# هــەڵــەبــجــە



ئەو کاتەی هەڵەبجە بووە سیمبۆڵی بۆردومانی کیمیاباران ، دەبوایە بەجۆرێکی زانستیانە بیر لە پێکهێنانی دەزگایەکی زانستی بۆ بە جیهانکردنی کارەساتەکە دابمەزرابایە و هەموو نووسرا و وێنە و دیکومەنتەکان وەکو ئەرشیف تێدا کۆبکرابایەوە ... دەبوایە بەشی زانستی کیمیا{کۆلیژی زانیاری}لە شاری هەڵەبجە بکرابایە و قوتابیان لە شاری هەڵەبجە بخوێنن بۆ ئەوەی ببێتە سیمبۆڵی کیمیا.. دەبوایە ئێستاکە هەڵەبجە بەرەسمی شارێکی سەربەخۆ بێت...دەبوایە میوانخانەیەکی گەورە لەو شارە دروست بکرابایە بۆ ئەو میوانانەی بەردەوام زیارەتی ئەو شارەدەکەن تێدا بحەسێنەوە ، بەتایبەت ئەوانەی لە دوور دێن...دەبوایە رۆژانە قوتابیانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەموو شاروشارۆچکەوگوندەکانی کوردستان ببەنە ئەو شارە و کەلاوە و گۆرستانەکانیان نیشان بدەن هەتا یادی هەڵەبجە لەمێشکیان بچەسپێ و تێبگەیەندرێن میللەتەکەیان تووشی چ کارەساتێک بوون...دەبوایە ئەو شوێنانەی هەڵەبجە کە دووچاری کیمیایی و بۆردومان بوو وەکو قەڵای هەولێر پارێزگاری بکرابایەو لە چواردەورەی خانووی تازە بۆ خەڵکی هەڵەبجە دروستبکرابایە و شارەوێرانەکەش بە شێوەیەکی مۆدێرن پارێزگاری لێبکرابایە تاوەکو خەڵکی خۆمانە و بیانی بە چاوی خۆیان بیان دیبایە درندەیی رژێمی فاشی عێراق بەرامبەر ئەو



شارە چەند توند بووە......دەبوایە گەورەترین دەزگای پاراستن و پاککردنەوەی ژینگە لەو هەڵەبجەیە دابمەزرێ بۆ ئەوەی لە گازەکیمیاییەکان پاک بکرێتەوە...دەبوایە گەورەترین نەخۆشخانە بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە و نەخۆشی کیمیایی لە هەڵەبجە دروستبکرابایە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی دەبن ، ئەوانەی مردن گوایە پێنج هەزار بوون بەڵام لەماوەی 18ساڵە خەڵکی تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر بوون و منداڵی نەخۆش و کاردانەوەی سەیر لەو شارە لەدایک دەبێت ،ئەمەش هەتا سەردەمێکی زۆر کاردانەوەی ئەو بۆمبا و گازە دەمێنێتەوە ، بە گوێرەی راپۆڕتەکانی ئەوکاتە زیاتر لە 25000هەزار مرۆڤ بریندار بووە ، لەو بریندارانە چەند کەس رەوانەی دەرەوەی کوردستان کراون بۆ چارەسەرکردن و نیشاندانی نەخۆشیەکانیان بە جیهان بۆ ئەوەی دەربارەی چەکی کیمیایی زانیاری بڵاوببێتەوە ..دەبوایە هەردوو وەزارەتی مرۆڤایەتی لە شاری هەڵەبجە بوایە ،هەتا ئەگەر وەفدێکی بیانی بهاتبایە ئەوێ کاکی وەزیری مرۆڤایەتی لەگەڵ میوانان باسی مافی مرۆڤی بکردبایە...هەڵەبجە بۆ پارتی و یەکێتی و ئیسلامی و لایەنەکانی تر یەک سیمبۆڵی هەبوایە کە هەڵەبجە مەزاری شەهیدانە ، دەبوایە ووردە ووردە ئەو برینە لە چەرگی خەڵکی هەڵەبجە سارێژ بکرێت و بە

**هەموولایەک هەوڵبدەن خەندە و پێکەنین بگەڕێننەوە سەر لێوی ئەو منداڵانەی تازە لەدایک دەبن....دەبوایە قوتابخانەیەکی تایبەت بۆ خوێندنی مافی مرۆڤ لە هەڵەبجە بکرابایەوە...هەڵەبجە پەڵەیەکی رەشە بە نێوچەوانی رژێمی بەعسی فاشی و صدام حوسێن و عەلی کیمیایی و داروودەستەی رژێمی پێشوو ، بەڵام هەردوو حکومەتی سلێمانی و هەولێر دەبێ رۆژانە پرسیار لەخۆیان بکەن کە بەرامبەر ئەو شارە هیچیان نەکردووە ، تەنها ئەو مۆنیمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە نەبێت کوا خزمەتگوزاری بۆ ئەو شارە ، با دەزگایەکی لێکۆڵینەوە و راستودروست هەبێت تەنها ئەو یارمەتیانە**



**ئاشکرا بکات کە بەناوی هەڵەبجە وەرگیرا وە تا بزانین چی لێکراوە...ئەگەر ئێستاکە باسی ئەو یارمەتیە یەک میلیونیە دەکریت کە پێشکەش بە ماڵە شەهیدەکان دەکرێت ، دەبوایە پەرلەمانەکەی کوردستان شەرم دایبگری یارمەتی 800 دولاری پێشکەش ئەو خێزانانە دەکات کە ناکاتە موچەی یەک مانگەی وەزیرێک...ئەگەر حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی شانازی بەو خزمەتگوزاریانە دەکەن کە پێشکەش بە هەڵەبجە کراوە، با بەراوردی کاتی بۆردومان وئێستاکەی هەڵەبجە بکەن و خەڵکی هەڵەبجە بکەن بە شایەدی ئەو کاردانەوەی کارەساتە...18 ساڵە کارەساتی هەڵەبجە رویداوە 15 ساڵە کورد دەسەڵاتدارە**



**ئینجا هەڵەبجە بۆ ئێوە هەر دروشمە بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە....جووەکان هەتا ئەمڕۆ یارمەتی کەسوکاری ئەو کەسانە دەدات کە بوونە قوربانی فڕنیەکان و ئۆردوگاکانی هیتلەر ، تا ئەمڕۆ خەڵک دەچیتە ئاوشڤیج بۆ دیتین و سەردانی ئەو کارەساتە.....مەلایەکانی هەڵەبجە و پیاوە ئایینیەکان 18 ساڵ لەمەوبەر هیچ فتوا و وتاریان لە بڵنگۆی مزگەوتەکان پێش کەش کرد و داوای جیهادیان کرد. ئەی نەدەبوو ئەو کاتە جیهاد لە دژی صدام حسین و داروودەستەکەی رابگەینین . دەبوایە جیهاد رابگەیەنین لە دژی سعودیەی عارەب و جامیعەی عارەب و بۆ گشت ئەو وڵاتە بەناو ئیسلامیانەی کە نوقەیان لە دەم دەرنەچوو بەرامبەر کوشتنی 5000 مرۆڤ و 25000بریندار و 10000 ئاوارەی موسڵمان... دوێنێ**

**پەرلەمانی عێراقی یەکەم دانیشتنی بوو، تەنها بە زمانی عارەبی بەرێوەوو، هەی درۆزنینە کوا زمانی کوردی زمانی رەسمی یە لەو عێراقەی ئێوە ، ئەی ئێوە بە کوردی قسەتان کرد ، ئەی نوێنەرانتان بە کوردی سوێندیان خوارد، بۆ هەموو رۆژ لەبەرامبەر ماسمێدیای جیهانی هاواردەکەن کە زمانی کوردی زمانی رەسمی عێراقە ، بەو جۆرە زمانی رەسمیتانە...خەڵکی کوردستان هیچی تر بەو دروشمانەتان باوەڕناکات، ئەگەر چارەسەری ئەو بارە نەکەن ئەوا جەماوەر گڵپەی راپەڕینی لەدژی دەسەڵاتتان گەشتر دەکات...هەڵەبجەش بووە خۆراکی شەڕی ناخۆیی پارتی و یەکێتی و ئیسلامی بۆیە بەبێ کەسی و بەبێ خزمەتگوزاری مایەوە...سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدانی هەڵەبجە...**

فــــەهـــــد گـــــردەوانـــــی 2006/3/17ستۆکهۆڵم

**وێنەی سوتان و خۆپیشاندان و مۆنیمینتی شەهیدانی هەڵەبجە ، لە سایتەکوردییەکان وەرگیراوە(فەهد)**